# چۆپی:

# گەر بزانم دەتوانم مەقام بڵێم دوو دڵی لێ ناكەم



**دیمانە:نیاز عەزیز**

**خاتوو چۆپی ئەو هونەرمەندە دەنگ زوڵاڵەیە،كە لە ماوەیەكی كەم توانای خۆی سەلماندووە و جەماوەرێكی بەرچاویشی هەیە لەوەی بە زاراوە كوردیەكان گۆرانی گوتووە بە چەند زمانێكی بیانیەكانیش گۆرانی دەچڕێت و ئێستاش سەرقاڵی بەرهەمی تازەیەتی، بۆ زیاتر ئاگاداربوون لە چالاكییەكانی ئەم دیدارەمان لە گەڵ سازدا.**

***كەی سیدییە تازەكەت بلاو دەبێتەوە؟**

-گەر گرفتی ترمان نەیەتە پێش هەر 2هەتا3 مانگی ماوە

***چەند بەرهەمی لە خۆ گرتووە و چەند زمانە؟**

-دوانزە گۆرانی لە خۆ گرتووە و هەر بە زمانی كوردییە.هەر چەندە دوو گۆرانی ئینگلیزییشم ئامادەیە،بەڵام زۆربەی ڕاكان دەڵێن تێكەڵی مەكە.

***ئاوازو شیعرەكانییان هی كێیە؟**

-چوار گۆرانییان ئاوازی هونەرمەند بورهان موفتییە و دوو گۆرانییان لە ئاوازی هونەرمەند زیاد ئەسعەدە و دوو گۆرانییان لە ئاوازی هونەرمەند ئیدریس باڵەتاییەو گۆرانییەكی بە ئاوازێكی یۆنانییە كە بەچەندەها زمان وتراوەتەوە و دوو گۆرانی فولكۆری پۆرت پۆری كرمانجی سەرووی تێدا كە لە چوار گۆرانی پێكهاتووە تێكستی گۆرانییەكانیش هی ئەم بەرێزانەیە،فەرهاد شاكەلی،(سەربەستی)د.كەمال میراودەلی كردوویەتی بەكوردی،ئیسماعیل خورماڵی، كەریم بەدەل باڵەتایی،زیاد ئەسعەد و فولكلۆر.بۆ زیاتر زانیاری تەماشای www.chopy.net بكە.

***جیاوازی چیە لەگەڵ بەرهەمەكانی پێشوودا؟**

-ئەوەی كە من هەوڵم بۆی داوە دەبێت لە بەرهەمەكانی پێشووم بەهێز تر بێت،چونكە بەڕاستی دەبێت مرۆڤ هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێت،ئەوە هەوڵدانی منە،بەڵام لە گوێگر بەو لاوە كەس ناتوانێت سەركەوتنی ئەو بەرهەمە بنرخێنێ لەڕووی مۆزیكەوە دەوڵەمەند ترە چونكە خەرجێكی زیاترم بۆ داناوە،لە رووی زانیاری خۆشمەوە ئێستا زیاتر لە ناو مۆزیكی كوردیام بۆ هەڵبژاردنی ئاوازو ناسینی هونەرمەندانی كورد بێگومان ئەو پەیوەندیانەش كاریگەری خۆی هەیە لەسەر ئەو بابەتە.

***ئێستا دەتوانین بڵێین ڕێچكەیەكی تایبەتی خۆت هەیە بۆ گۆرانی گوتن یان جاری هەر كلاسیكییە؟**

-من هەرگیز ڕێچكەی تایبەتیم نەبووە لەگۆرانی گوتندا و ناشمەوێ ڕێچكەی تایبەتی خۆمم هەبێت،گەر بزانم دەتوانم جوانكاری بكەم لە گۆرانی رۆژئاواییدا كاردەكەم گەر بزانم دەتوانم مەقام بڵێم هەر دوو دڵی لێناكەم، ئێستا باسی ئەوەمان كرد كە دوو گۆرانی ئینگلیزیم ئامادەیە،حەزم لە حەیران وتنیش هەیە،من نامەوێ خۆم ببەستمەوە بە ڕێچكەیەكی تایبەتەوە،تەماشای هونەرمەند مادۆنا بكە تا ئێستا لە پێنچ تا شەش ستایل(ڕێچكە)گۆرانی وتووە

***دوای ئەم كارە چیت بەدەستەوەیە؟**

-دوای ئەم كارە دەبێت گۆرانییە ئینگلیزیەكانم بكەم بە كلیپ ئەبێت ئەو كلیپانەم زۆر جوانبن بەو هیوایەی كە لە تەلەڤزیۆنە جیهانیەكاندا جێگەیان ببێتەوە

***حەز ئەكەیت هەر(چۆپی)ت پێ بڵێن یان نازناوێكی ترت پێوە بێت؟**

-چۆپی ناوی خۆمە نازناو نییە، ناوێكی هونەرییە، هەر ئەو ناوە بەسە، بەڵام چۆپی كەركوكی و چۆپی فەتاحیشم پێ دەڵێن، بەڵام ناوەكە زۆر گرنگ نییە، من تازە بە چەند ناوێكەوە ناسراوم.

*** گۆرانی كوردی ئێستا چۆن دەبینیت؟**

ـ من ئەو شارەزایە نیم هەڵسەنگاندنێكی لەو جۆرە بكەم، بەڵام دەبینم هونەرمەندانێكی زۆر هەوڵێكی بەردەوام دەدەن بۆ ئەو مەبەستە، ئەوە جێی خۆشحاڵییە، لەلایەكی ترەوەش كەموكوڕی هەیە و دەكرێ باشتربێت.

*** چیت هەیە بۆ شەیدایانی دەنگت؟**

ـ رێز و خۆشەویستیم هەیە بۆ شەیدایانی دەنگم و، سوپاسی ئێوەش دەكەین و هیوادارم كە ئەم دیمانەیە بە ئەمانەتەوە بڵاوبكەنەوە.